# ووتوێژ لەگەڵ سدیقەی موحەممەدی سەبارەت بە چوارەمین ساڵی هەڵسووڕانی "ڕادیو دەنگی ژنان"

**پەیام:** هاوڕێ سدیقە، چوار ساڵ بەسەر هەڵسوڕانی "ڕادیو دەنگی ژنان" دا تێپەڕ دەبێت. پێویستی دامەزراندنی ڕادیۆیەک بەم ناوەوە لە کوێوە سەرچاوەی گرت و بە چ مەبەستێک دەستی بە چالاکی کرد؟

**سدیقەی موحەممەدی:** لە کەس شاردراوە نییە کە ستەمێکی جیاواز لە هەموو ستەمەکانی دیکەی کۆمەڵگای ئەوڕۆی مرۆڤایەتی لە سەر ژیانی ژنان قورسایی دەکات کە ئەویش ستەمی جنسی یە. ئەم ستەمە لە ڕادە و ئاستی جۆرا و جۆردا و لە کۆمەڵگا جوراوجۆرەکانی جیهاندا هەیە و هیچ کۆمەڵگایەک بە دی ناکرێک کە ژنان تێی دا وێڕای ستەمەکانی دیکە، ئازاری ئەم ستەمەش نەچێژن.

ئەم هەل و مەرجە وای کردوە کە ژنان لە هەر شوێنێک هەلێکیان بۆ دەرەخسێت و مەجالێک پەیدا دەکەن دەنگی ناڕەزایەتی خویان بەرز دەکەنەوە. بۆ نموونە ڕێکخراو دروست دەکەن، ڕۆژنامە دەردەکەن و کۆبوونەوە و کۆنفرانس و خۆپیشاندان وەرێ دەخەن تا بتوانن لەم ڕێگایەوە هەل و مەرجی ژیانی خۆیان و هاوچارەنووسانیان بەرەو قۆناغێکی لەبارتر هیدایەت بکەن.

لە ڕاستی دا دەکرێت دامەزراندنی "ڕادیو دەنگی ژنان"یش بە بەشێک لەم هەڵسوڕانە گشتی، یە بزانرێت.

ئێمە کۆمەڵێک هەڵسوڕاوی سیاسی بووین کە لە ساڵی ١٩٩٣دا دوو ڕێکخراوی ژنانمان پێک هێنا و دەستمان دایە چالاکی لە پێناو مافە ڕەواکانی ژنان دا. سەرەتا بە هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆری هاوڕیانی ژن توانیمان ٥ ژمارە لە گۆڤاری "پیکار زن"کە بە زمانی فارسی بوو، بڵاو بکەینەوە. چالاکییەکانمان بە بەڕێوە بردنی ڕۆژی ژن (٨ی مارس)، گرتنی کۆبوونەوە و کۆنفرانس و کۆڕ و کۆمەڵی هەمەجۆر درێژەی پەیدا کردو لەم ماوەیەدا توانیمان ڕێکخراوێکی سازماندراوی ژنان کە خاوەنی دەستەی بەڕێوەبەر بەرپرسی ئابووری و بەرپرسی پەیوەندیەکان بوو، پێک بێنین. بە تێپەڕ بوونی زەمان بەو ڕاستی،یە گەیشتین کە زۆربەی ژنان و بە تایبەت ئەوانەی کە لەوانەیە لە هەموان زیاتر پێویستیان بە یارمەتی و هاودەنگ بێت، ناتوانن لە چالاکییەکانی ئێمەدا بەشدار بن. بۆ نموونە بە هۆی منداڵ و میوان داری و ئەرکی لەم چەشنە مەجالی هاتنیان بۆ کۆنفرانس و کۆبوونەوەکانی ئێمە لێ زەوت دەکرا. دوای ڕاوێژ و گفتوگۆ لە نێو خۆمان دا دانانی ڕادیویەکمان لە دەستووری کاردا دانا کە هۆیەکەی لەم چەند خاڵە دەکەوێتە بەر چاو:

١. نەبوونی ڕادیویەکی ژنان بە زمانی کوردی.

٢. بتوانین ژمارەیەکی زۆرتر لە ژنان، بە تایبەت ئەوانەی کە مەجالی هاتنیان بۆ کۆڕ وکۆمەڵی ئێمە نییە، لە چالاکییەکانی خۆمان دا بەشدار بکەین و پەیامی خۆمانیان پێ بگەیەنین.

٣. پیاوان و لاوان و منداڵانیش لە کار و چالاکییەکانی خۆمان نزیک بکەینەوە و

٤. بۆ خۆشمان بیر و ڕای جیاواز ببیستین و گفتوگۆ و وتوێژیان لەسەر دروست بکەین.

لە سەر ئەساسی ئەم خاڵانە ئێمە هەستاین بە دامەزراندنی ئەم ڕادیویە.

**پەیام: بەرنامەکانتان زۆرتر چ بابەتێک بە خۆوە دەگرێت و رووی لە کێ یە؟**

**سدیقەی موحەممەدی:** بەرنامەکانی ئێمە هەمووی ئەو بوارانەی کە کاریگەرییان هەیە لە سەر ژیانی ئینسانەکان، وە بە تایبەت ژنان، لە خو دەگرێت. لە سەر هەل و مەرجی سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی، پەروەردە و تەندروستی و ...هتد، وتار، وتووێژ و گفتوگۆ ساز دەکەین و ژنانی هونەرمەند، شاعیر و خەباتگێڕ بە گوێگران دەناسێنین و هەوڵ دەدەین ئەزموونی ژیانیان لەم ڕێگایەوە بخەینە خزمەت ئەو کەسانەی کە پێویستیان پێیەتی.

هەروەها لە ڕێگای ووتوێژ لە گەڵ پسپۆڕ و لێکۆڵێنەرانی کورد لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی دا، وتووێژ لە گەڵ سیاسەتمەداران و زانایانی ئوروپا سەبارەت بە EU و EMU و گەلێک بابەتی تر، هەوڵمان داوە زانیاری پێویست بە گوێگران بگەیەنین و خزمەت بکەین بە بردنە سەرەوەی ئاستی زانیاریان. بە بـ




***"هەوڵمان داوە ڕێبازێکی ڕادیکاڵ و سوسیالیسی لە پێش خومان دابنێین و دەست ببەین بۆ ڕیشەی بێ عەدالەتی و نابەرابەری و بە چاوی فێمێنیستی بۆرژوایی یەوە لە هەڵاواردنی جنسی نەڕوانین و دوژمنایەتی لە نێوان ژن و پیاودا دروست نەکەین."***

گومان لەم ڕێگایەشەوە هەوڵمان داوە پردی پەیوەندی لە نێوان ژنانی ناوەوەو دەرەوەی وڵات دروست بکەین. ئەم هەوڵەی ئێمە تا ئەندازەیەک- نەک بەو ئەندازەی کە لێ ڕازی بین- ڕەنگدانەوەی هەبووە. بەرنامەکانی ڕادیو بە هەوڵی هاوکاری خوشەویستمان کاک جەلالی جیهانی، لە سەر تۆڕی ئینترنێت بلاو دەبنەوە و لە هەموو شوێنێکی جیهان، وە لەوانە لە کوردوستانیش، دەبیسرێن. ئێستا ئێمە ١٠% گوێگرانمان لە کوردوستانی ئێرانن، لە کوردوستانی تورکیە و عێراقیش گوێگرمان هەن و بەردەوام لەگەڵمان لە پەیوەندی دان.

ناوەڕۆکی بەرنامەکانمان بەشێوەیەک ڕێکخستووە کە تەنیا تایبەت بە ژنانی ڕووناک بیر و توێژێکی تایبەت لە کۆمەڵگادا نەبێت. هەوڵمان داوە ڕێبازێکی ڕادیکاڵ و سوسیالیسی لە پێش خومان دابنێین و دەست ببەین بۆ ڕیشەی بێ عەدالەتی و نابەرابەری و بە چاوی فێمێنیستی بۆرژوایی یەوە لە هەڵاواردنی جنسی نەڕوانین و دوژمنایەتی لە نێوان ژن و پیاودا دروست نەکەین. ئێمە پێمان وایە کە کۆمەڵگای سەرمایەداری بە جیاکردنەوەی ژن و پیاو- دابەش کردنی کار لە سەر ئەساسی جنسی یەت-، دانانی یاسای ئایینی، پەرەدان بە مەزهەب و خورافە هەوڵ دەدات پێش بە یەکگرتووی ژنان و پیاوان بگرێت بۆ ئەوەی کە نەتوانن چارەنووسی خویان دیاری بکەن و مافی خۆیان بستێنن.

ڕادیو دەنگی ژنان هەرچەند کە ڕادیویەکی سیاسی یە بەلام هەوڵی داوە چالاکییەکانی سەربەخۆ بێت و هێز و توانایەکانی خۆی تەرخان بکات بە دەرد و ڕەنجەکانی ژنان و ئەو بۆشاییەی کە لەم بوارده لە ماس مێدیای کوردی دا هەست پێ دەکرێت، بە پێی توانا، پر بکاتەوە.

هەوڵەکانی ئێمە زۆرتر لە بواری بلاو کردنەوەی دەرد و ئازارەکانی ژنان و دەست نیشان کردنی ڕێگاچارەی گونجا بۆ گیر و گرفتەکانیان بووە و لەم رووەشەوە ریشەکانی هەڵاواردنی جنسی بەوان ناسێندراوە.

**پەیام: ئایا ئێوە تەنیا لە ڕێگای ڕادیۆوە هەوڵتان داوە لە ژیان و خەباتی ژنان دا دەور بگێڕن یان لە بواری دیکەش دا چالاکیتان هەیە؟**

**سدیقەی موحەممەدی:** ئێمە بەو ئەندازەی کە پێمان کراوە و گرفتارییەکانی ژیان مەجالی داوین هەوڵمان داوە دەنگی خەباتی یەکسانی خوازی ژنان بە گوێی بیر و ڕای گشتی بگەیەنین. بۆ نموونە سەردانی کوردوستانی عێراقمان کردوە، کوردوستانی تورکیە چووین، لە سەنتەرە جۆراوجۆرەکانی ژنان سەردانمان کردوە و لە گەڵ هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی ژنان لەم ناوچانە دانیشتنمان هەبووە. فیلمان لەو ژنانە ساز کردوە کە تووشی کێشە کۆمەلایەتییەکان هاتوون و دەستیان داوەتە خۆسوتاندن. لەو شوێنانە لە ئەزموونەکانی خەباتی ژنانی ئێران دواوین و هەوڵمان داوە ئەو ئەزموونە بەنرخانە بخەینە ئیختیاری ژنانی کورد. لە گەڵ ڕێکخراو و ناوەندەکانی دیکەی ژنان دا هاوکاری دەکەین. بۆ نموونە هاوکاریمان هەیە لە گەڵ ڕێکخراوی "Terrafem"، ڕێکخراوی ژنانی بێ سنوور لە ستۆکهۆلم، ژنانی سەنتەری ڕاگەیاندن و ڕووناکبیر لە کوردوستان، هەروەها هاوکاریمان هەیە لە گەڵ پرۆژەی داخوازینامەی ژنی کورد، کە بڕیار وایە مانگی مارسی ساڵی داهاتو کۆنفێرانسێک لە شاری ستۆکهۆلم پێک بێت و پسپۆڕ و زانایانی بوارە جۆراوجۆرەکانی مەسئەلەی ژنان تێی دا وتار پێشکەش بکەن.

**پەیام: بە لەبەر چاو گرتنی ئەزموونی ئەم چوار ساڵەی ڕادیۆ و چالاکییەکانی دیکەتان کە لە ڕێگای ئەم ڕادیۆوە بڵاو بۆتەوە، هەڵسوڕانی لەمەو بە دواتان چۆن دەبینیت و چ پێشنیار و ڕێنوێنییەکت لە پەیوەند لە گەڵ بەردەوام بوونی کارەکانتان،دا هەیە؟**

**سدیقەی موحەممەدی:** بۆ خۆمان هەستمان بەوە کردوە کە ساڵ بە ساڵ زیاتر لە گیر و گرفتەکانی ژنان نزیک بوینەتەوە و زانیاریمان لەم بارەیەوە زیادی کردوە. بەداخەوە هەوڵەکانمان بۆ کردنی ڕادیو بە ئامرازێک کە ژنانی گوێگر ڕاستەوخۆ بیروڕا و گرفتارییەکانی خۆیان باس بکەن، سەرکەوتوو نەبووە و ئەوان بە هۆی...

بڕوانە ل 5

ئەوەوە کە دەنگیان نەناسرێتەوە و لە گەڵ بنەماڵەکانیان توشی گێرە و کیشە نەبن, وە یان هۆکاری دیکە, ڕاستەوخۆ بەشداریان لە بەرنامەکان دا نەکردوە. بە داخەوە حیزبە کوردییەکانیش هەنگاویان هەڵنەهێناوە بۆ بەشداری دانی ژنان لە دەسەڵاتدا و دابین کردنی هەل و مەرج بۆ گەشەکردنیان. ئەگەر ئاڵ و گۆڕێک پێک هاتبێت سەرچاوەکەی هیمەت و وەخۆکەوتووی خودی ژنان بووەوە. من گومانم لەوەدا نییە کە پیاوانی ئازادیخواز و ڕووناکبیریش دەتوانن یارمەتی دەری ژنان بن چ لە چوارچێوەی بنەماڵەدا و چ لە بواری کۆمەڵایەتی دا. ئەوان دەتوانن لە بەخشینی بڕوا بەخۆ بوون بە کچەکانیان لە ماوەی پەروەردە و بارهێنان دا دەور ببینن و هاوڕێ لە گەڵ هاوسەرەکانیان هەستی سەربەخۆی لە منداڵەکاندا پەرەپێ بدەم.

ئەوە منداڵی سەربەخۆیە کە

## پاشماوەی: وتووێژ لە گەڵ سدیقەی موحەممەدی

لەتەمەنی گەورەی دا ژێرچەپۆکیقبووڵ ناکات و نە لە مێرد و نە لە هیچ کەسی تر ناحەقی بێ وەڵام ناهێڵێتەوە. ئاساییە کە کۆمەڵگا تا ئەو کاتەی چەوساندنەوەی چینایەتی تێ دا بێت دابین کردنی مافی بەرابەری ژن و پیاو زەحمەتە و هەوڵی زیاتری پێویستە. لە کۆمەڵگای سوسیالیستی دا کاتێک ستەمی چینایەتی نەما دابین کردنی مافی یەکسانی ژن و پیاویش ئاسانتر دەبێتەوە. بەڵام ژنان نابێت تا ئەو کاتە دەست لەسەر دەست دانیشن. پێویستە هەر لە ئێستاوە و بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەکرێت دژی ئەو ستەمەی کە ڕیگری گەشەکردنیانن و قورسایی دەکاتە سەر ژیانیان خەبات بکەن. ئەزموونی چوارساڵەی کاری پڕ بە پڕی ڕادیویی و ئەزموونەکانی دیکەی خەباتی یەکسانیخوازانە ئەوە بە ئێمە دەڵێت کە ژنان خاوەنی ئەو هێز و توانایە هەن کە ماف و داخوازییە ڕەواکانی خویان بستێنن و بۆخۆیان چارەنووسی خویان دیاری بکەن. بەڵام بەدەست هێنانی هەر پلەیەک لە سەرکەوتن پێویستی بە خۆڕێکستن و هەوڵ و تێکۆشان هەیە. ژنانی ناڕازی بە هەل و مەرجی ژیان دەبێ خۆ لە کۆت و بەندی داب و نەریتی دواکەوتوانەی مەزهەبی و یاسا و ڕسوومی بنەماڵە ڕزگار بکەن و بۆ گۆڕینی ئەو هەل و مەرجە هەنگاو بۆ رووخاندنی ئەو دیوارانەی کە بە دەوری ئەواندا دروست کراوە, هەڵگرن. من پێم وایە کە ڕادیو دەنگی ژنان- هەر وەک تا ئێستاش سەلماندوویەتی- دەتوانێت بۆ خزمەت کردن بە ئاوا ڕەوتێک دەوری سەرەکی بگێڕێت.




بەڵام لە هەمان کات دا لەو ڕاستی‌یە غافڵ نیم کە بەردەوام بوون و دەوڵەمەند تر بوونی بەرنامەکانی ئەم ڕادیویە لە گرەوی هاوکاری هەرچی زۆرتری ئەو ژنان و پیاوە یەکسانیخوازانەیە کە هەڵاواردنی جنسی ئازاریان دەدات. بۆیە من لەم هەلە کەڵک وەردەگرم و بانگەوازی هەموو ژنان دەکەم کە لەم ئامرازە کەڵک وەربگرن و بەو شێوەی کە لەگەڵ هەل و مەرجی ژیانی ئەوان دا دەگونجێت, هاوکاری ئێمە بکەن.

سووپاسی ئێوەش دەکەم کەئەم وتووێژەتان ڕیکخست. هیوای سەرکەوتنم هەیە بۆ ئێوە و خوێنەرانی پەیام.